# خۆپێشاندان له دژی تیرۆر كردنی هاوڕێ (ئەبوئەمیر) له سویسرا

بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی لەدژی تیرۆرکردنی هاوری (عبد الحسین) ناسراو بە (ئەبوئەمیر) بەرپرسی هێزی ئەمانی کۆنگرەی ئازادی عێراق، لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانی ئەمریکاو حکومەتی قەومی, دینی عێراقەوە. نوێنەرایەتی سویسرای کۆنگرەی ئازادی عێراق و کۆمیتەی سویسرای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، ڕۆژی 4.8.2007 خۆپێشاندانێکیان بۆ بەردەم سەفارەتی ئەمریکا لە (بێرن) پایتەختی سویسرا بە رێخست.

خۆپێشاندەران لە هێلڤیا پلاتسەوە بە وتنەوەی دروشمی/ **نا بۆشەر و داگیرکاری ، نا بۆ کوشت و کوشتار و تیرۆر لە عێراقدا ، بەلێ بۆ کۆنگرەی ئازادی،بەڵێ بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، بەڵێ بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی مەدەنی** ، خۆپیشاندانەکەیان دەست پێکرد. لافیتەو وێنەکانی هاوڕێی گیانبەختکردوو (ئەبوئەمیر) سەرنجی خەڵکی ئەوناوچەیەیان ڕادەکێشا .لەگەڵ گەیشتنی خۆپێشاندەران بۆ بەردەم سەفارەتی ئەمریکا، هاوڕی (جەمال کۆشش) ئەندامی نوێنەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عێراق لەسویسرا بەخێرهاتنی خۆپێشاندەرانی کردو وتەیەکی لەسەروەزعی فەلاکەت باری خەڵکی عێراق بەگشتی وتیرۆرکردنی هاورێ (ئەبوئەمیر) و پێویستی بەهێزکردنی کۆنگرەی ئازادی عێراق لە دەرەوە وناوەوە ی عێراق پێشکەش کرد .دواتریش نوێنەرانی خۆپێشاندەران کەپێک هاتبوون لە / پەیمان کەریم ، سەردار حامید ، ئومێد قەڵادزەیی .نامەیەکی ناڕەزایەتیان لەدژی تێرۆرکردنی هاوڕێ (ئەبوئەمیر) گەیاندە سەفارەتی ئەمریکا .لەکۆتایی خۆپێشاندانەکە خۆپیشاندەران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆیان بۆ کەسوکاری هاوڕێ (ئەبوئەمیر) و تەواوی قوربانیانی شەرو داگیرکاری ئەمریکا، کۆتاییان بەخۆپێشاندانەکە هێنا .

نوێنەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عێراق / سویسرا
کۆمیتەی سویسرای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
7.8.2007

Freiheitskongress@yahoo.de
http://www.ifcongress.com/


ALPINES MUSEUM
BROT, SICHERHEIT, FREIHEIT
FÜR EININ SÄKULAREN
STAAT IM IRAK
ARBEITERKOMMUNISTISCHE PARTEI . IRAK


SCHLUSS MIT BESATZUNG
BROT, SICHERHEIT, FREIHEIT,
FÜR EININ SÄKULAREN
STAAT IM IRAK
ARBEITERKOMMUNISTISCHE PARTEI . IRAK
POLIZEI
08/04/2007